www.kurdistannet.org
10-8-2003 1:41

# کورد - ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی سیاسی یەوە بۆ گرەنتیەکی نەتەوەیی

نوسینی/ئەحمەد فاتیح محەمەد

رەنگە بەدرێژایی مێژوو، ئێمەی کورد بەهۆی ئەوەی هیچ کاتێك بەرژەوەندیەکانمان هاوتای بەرژەوەندی وسیاسەتی ولاَتە زلهێزەکانی دونیا نەبووە ، وبەتایبەتی ولاَتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆیە هەمیشە هەولَەکانمان بەهەنگاوێکی زۆر هێواش دەجولاَ ودەچووە پێشیٚ. دیارە لەدوای راپەرین ودروست بوونی ئیدارەیەکی کوردی لەناوچەکەدا، هەمیشە کورد ودبلۆماسیەتی کوردی توانیویەتی لەهاوکێشە سیاسیەکاندا، پارسەنگی خۆی رابگریٚ وکارێکی وانەکات پێچەوانەی بەرژەوەندییەستراتیژییەکانی ئەمریکا بووبێت ولەناوخۆی کوردستانیشدا زیان بە سیاسەت و ئەزموونی کوردی بگەیەنێت، چ لەسەر ئاستی ئیقلیمی یاخود ولاَتانی نیشتیمانی عەرەبی. ئیمرۆش ئێمەی کورد وێرای ئەوەی بە جەنگ درندەترین رژێم لەگۆرنرا، وتیایدا گەلی عێراق بەگشتی وکورد بەتایبەتی قازانجێکی گەورەمان لەروخاندنی ئەو رژێمەدا بینی، وکاتێك ئێمەی کورد وەك نەتەوەیەکی بیٚ قەوارە و بیٚ ئەوەی ئیعترافێکی نێودەولَەتیمان هەبیٚ، بووین بەسەرەکیترین هاوپەیمانی سیاسی و سەربازی گەورەترین زلهێزی دونیا، دیارە ئەویش ئەمریکایە، لێرەوە لەم قۆناغی هاوپەیمانێتیەیە سیاسییەوە، کورد و سەرکردایەتی کوردی وتەنانەت رۆشنبیران و رای گشتی کوردی تاکو چەند لە ئاست ئەو گۆرانکارییە وەرچەرخاوەداین، کە رەنگە پەیوەندی چارەنوسسازانەی بە ئایندەی سیاسیمانەوە هەبێت. بەلاَم چەق بەستن لەو خالَەدا، کەگوایە ئێمە ئیتر هاوپەیمانی ئەمریکاین وئەجیندەکانمان لەئەستۆی سیاسەتەکانی ئەمریکا دا دابنێین ،ئەمە کارێکی لۆژیکی نییە، بەلَیٚ ئێمە سوود وقازانجمان لە سیاسەتەکانی ئەمریکا وەرگرتووە کە بەپێی بەرژەوەندی و ستراتیژییەتی خۆی لە ناوچەکەدا دارێژراوە، بەلاَم تائێستا ئێمەی کورد پلان ونەخشەیەکی ستراتیژی وامان نیە کە دەرەنجامەکانی لەبەرژوەندی خۆماندا بشکێتەوە وتیایدا ئاسۆکانی کورد بەدی بکەین. ئێستاش کە بارودۆخێکی بابەتی وفاکتەرە دەرەکیەکان گونجاو و خەملێووە زۆر پێویست و چارەنوسسازە نەك بەتەنها سەرکردایەتی سیاسی کورد، بەلَکو توێژە کۆمەلاَیەتیەکان و رۆشنبیران و تەواوی شەقامی کوردی ئەم جۆرە هاوپەیمانێتییە سیاسیە گەورەیە بقۆزنەوە بۆ گرەنتیەکی نەتەوەیی کە قەوارەیەك بۆ کوردستان پێکبهێنرێت، وئیعترافێکی نێودەولَەتی و یاسایی دەستەبەربکات ،چونکە رەنگە ئیتر لەگۆرانکارییەکانی داهاتوودا بنکەی ئاسمانی ئەنچەرلیك کەتیایدا فرۆکەکانی ئەمریکا و بەریتانیا چاودێری زۆنی ئارام دەکەن زەرورەتی نەمێنیٚ، هەروەها لەدوای دروست بوونی حکومەتی ئایندەی عێراق، ئەم نیمچە سەربەخۆییەی ئێستای هەردوو ئیدارەی کوردی، لەبەرامبەر چەند پۆستێکی وەزاری کەبدرێت بەکورد یاخود وەك ئۆتۆنۆمیە کارتۆنیەکەی 11ی ئازار بەهەمان شێوە وشەی ئۆتۆنۆمی بۆ فیدرالیەت بگۆرن و لەدەستمان بچێت، ئینجا کورد دووبارە چاوەروانی چەند دەیەیەکی دی بێت کە رەنگە رێکەنەکەوێتەوە. بەلَیٚ کورد خاوەنی کێشەیەکی هەستیارە لەناوچەکەدا ودەبێت تەواوی مافەنەتەوایەتی و سیاسییەکانی دەستەبەربکات بە پێچەوانەوە ئارامی و ئاسایش لە عێراق و ناوچەکەدا مەحالَە، بۆیە خۆبەستنەوە بەدەستوری داهاتووی عێراق و بەو تێروانینە پان عەرەبیزمانەی کە فیدرالیەت تەنها وەك دروشم و مەسەلەی کات سەیردەکەن، هەنگاونانە بەرەو سرینەوەی دەسکەوتەکانی راپەرین و لەگۆرنانی پەرلەمانی بیٚ دەسەلاَت و حکومەتە دابەشکراوەکەمان. ئیمرۆش ئەرکی سەرشانی رۆشنبیران و مامۆستایان و فەرمانبەران و توێژە کۆمەلاَیەتیەکان و رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانە کەبەمیتینگ و رێپێوان و بەرزکردنەوەی یادداشت بۆ ئەمریکا و un ەوە جەخت و داکۆکی لە چارەنوسی سیاسی ئەم هەرێمە بکەنەوە، تابزانرێت کە کوردیش نەتەوەیەکە و دەبێت رێز لە ئیرادە و خواستەکانی بگیرێت ،بۆ ئەمانەش دەبێت کار لەسەر ئەوخالاَنە بکەین کەبە وەتەرێکی هەستیاردادەنرێت لەلایەن ئەمریکاوە، بەتایبەتی لەرووی جیۆسیاسیەوە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی ئارامە و کۆمەلَگای کوردیش 180 پلە پێچەوانەی نەك عەرەبی عێراق بەلَکو کۆمەلَگای عەرەبیشە و هیچ حەساسیەتێکی بەهاتنی ئەمریکانیە و ئەمریکا بەدوژمن و شەیتانی گەورە دانانێت، ئەوەی کوردیش لە ساتەوەختەدا پێویستی پێی هەیە گۆرینی ئەو هاوپەیمانێتییە سیاسییە بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی نەتوەیی و دیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستان و دەستەبەرکردنی مافێك کە 82 سالَە لێمان سەندراوە.

ahmad_dokan@hotmail.com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.